حکومەتی هەرێم: کارتی مۆبایل و پارە بە تارا کەریم و سۆزان شێخ کەمال مەنێرن

ئەمڕۆ یەکشەممە، فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ماوەیەکە کەسێک بە هەردوو ناوی ساختەی (تارا کەریم ئاغا - Agha Kareem Tara و سۆزان شێخ کەمال بەرزنجی - Barznje Kamal Shex Sozan) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی مەسنجەری فەیسبووک، بە شێوەیەکی ساختەکارانە، بە ناوی سەرکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، داوای پارە و کارتی مۆبایل لە خەڵک دەکات.

ڕاشیگەیاند، بە ئاگاداریی هەموو لایەک، ئەم کەسە ساختەکارە، دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نییە و لایەنە دادوەری و ئەمنییە پەیوەندیدارەکانیش ئاگادار کراونەتەوە کە کاری یاسایی لە دژی ئەم کەسە بگرنەبەر و بە دەنیاییشەوە ئەم ساختەکارە دواجار باجی کارە ناياساییی و ساختەکارییەکانی دەدات و بە سزای یاساییی خۆی دەگات.